www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:09 30-9-2006

## نەبوونی هەڵوێست لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە. ئەگەر بیرو ڕای ئافرەتان زۆربوو.. کردەوەیان کەم دەبێتەوە. ... هەوار ڕەئووف

ئەگەرچاوێك بخشێنین بەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان زۆربەی زۆری ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە لاپەڕەی تایبەت بەئافرەتانیان هەیە، یاخود ڕۆژنامەی تایبەتی ژنانمان هەیە کەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان چاوی بەلاپەڕەکانی دەکەوێت، ئەمەو سەرەڕای ئازادی ڕەگەزی مێینە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ناوی خوازراو بەکاردەهێنن جالەمەوە ئەوە دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەوکەسانەی هەڵدەستن بەئامادەکردن وئەنجامدانی ڕاپۆرت لەگەڵ ڕێزمدا بۆهەندێکیان ڕای خۆیان دەنێنە جێی قسەو بیرو بۆچوونی کچان وژنان بەومانایەی کەخۆی قسە دەکات بەناوی ئافرەتانەوە ئەمە ئەگەر تەنها یەك ئافرەتیشی نەدواندبێت سەبارەت بەومەسەلەو دۆسیەیەی کەلێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات، بەداخەوە زۆربەی زۆری کچانیش بێ هەڵوێستن لەهەمبەر ئەم یارپێ کردنەی کوڕانەوە کە خودی خۆی ئامادەکارەکە بەناوێکی خوازراوەوە قسە بۆ کچێك دەنوسێت وناوی خەیاڵی بۆدادەنێت، بێ ئەوەی کچانیش ئەو ڕاو بۆچونەو ئایدۆلۆژیایەیان هەبێت سەبارەت بەو کێشەیەو پرۆسەیە کەئەمەش دەگەڕێتەوە یەکەم بۆ بێ هەڵوێستی وئیهمالی کچان و دیراسەنەکردنی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ڕاپۆرتی تێدا دادەبەزێت یاخود تایبەتن بەئافرەتان جگە لەوەش کەزۆربەی ڕۆژنامە کان کەتایبەتن بەژنانەوە بابەتی پیاوان ڕێژەکەی زۆرتر دەبینرێت کەباسی مافی ئافرەتان دەکەن کە هەر پیاوان بۆخۆشیانن ئەو مافانە لە ئافرەت قۆرغ دەکەن بەڵام لەڕۆژنامەکاندا بەناوی داکۆکیکردنەوە ئەو مافە دەدەن بەئافرەتان، بەڵام لە ناو خەڵکیشدا دەچێتە دەرەوی ئەو سنوورەو ئەشەدو بیلا بۆقسەی ئەم وئەو لێدەدات کە ئەو مافە سەرەتاییانە بەزیادەڕەویی و تاوان دەزانێت وەبەڵام بەداخەوە کەزۆربەی ئافرەتانی ئێمە چەمکی ئازادی بەهەڵە وەردەگرن و نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو مافە بکەن کەجارێکی تریش دەڵێم زۆربەداخەوە کە شایەنی ئەو کەسانە نیە کە گەمەی پێوە دەکەن وئەومافە ئەدۆڕێنن، وەبەڵام پیاوان ئەو بیرو ڕا سەقەتە دەکەنە وەسیلەیەك بۆدەربڕینی ناخی گەندەڵبووی خۆیان بەرامبەر بە ئافرەتان و گوێپێنەدانی ئافرەتانیش زیاتر هانیان ئەدات بۆ گەورەبوون وفراوانبوونی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە نائەخلاقیە کەزۆرجار قسەی وابەناوی ئافرە تانەوە دەنووسنەوە کە هەرگیز ئەو کچە ئەگەر ڕاستەو خۆش ئەو پرسیارەی ئاڕاستە بکەیت ئەو جۆرە وەڵامە نادات بەدەستەوە کەئەگەر تەنها واش بێت، وەکەواش نیە، ئەمەش بۆ بێ بەرپرسیاری دەگەڕێتەوە لەلایەن سەرنوسەری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە وە کەهەڵدەستن بەبڵاو کردنەوەی ئەم جۆرە ڕاپۆرت و بابەتە ناپێویستانە، وەپێدەچێت ئەمەش لەقەیرانی بێ بابەتی وبێ راپۆرتەوە سەرچاوە بگرێت، بۆیە ئەوانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەمجۆرە کارە نەشیاوە بۆزیرەکی کەسەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو نیشانەی خۆدەرخەری و تەشەبوزی ئەو کەسە دەردەخات کە ئەو کارە بەلایەوە گرانە بەڵکو لەبەر ناوو ناوبانگ هەڵدەستێ بەدانانی ناوی خوازراو لەبری ڕاو بیرو بۆچونی خەڵکی تایبەت بەدروست کەرو خولقێنەری ئەو کێشەو گرفتە هەنوکەیی وسەردەمیانە کەپێویستن قسەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت لەلایەن هەردو لاوە، بۆیە هەرگیز ناتوانرێت بەو جۆرە کەسایەتیانە بوترێت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پوختەی کارەکەیان بەڕاسگۆییانە بەئەنجام گەیاندووە، چونکە بەکیلۆمەتریش دورە لەڕاستییەوە، مارشاڵ یاڵ وتەیەکی زۆر جوانی هەیەکەدەڵێت"من ناتوانم ڕەوابدەم بەوکەسانەی درۆزنن وبڵێم کردەوەی چاکیان هەیە"بۆیە هیچ کات ناتوانین لەپڕۆژەیەکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنین کە خیانەتی تیا بێت وە ئەگەر سەرکەوتنیشمان بەدەست هێنا ئەوا بەرهەمەکەی بەهی خۆمان نازانین، بۆیە هەموو کات ناتوانین بڕوانیە ئەوکارانەی کە لەڕێکەی درۆوە ئەنجام دراون چونکە هەمووکات ئەو هەلەمان بۆناڕەخسێت، چونکە مرۆڤ یەك جۆر ژیانی نیە بەڵکو زنجیرەیەك ژان و ژینی

هەیە. ئەمە وتەی زانایەکە کەبەداخەوەناوەکەی نازانم، هەرلەبەرئەوەی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی تادێت ڕولەزیاد بوون دەکات ڕۆژ لەلەدوای ڕۆژیش کێشەی ناو ڕۆژ نامەکان ڕوولەزیاد بوونە ئەویش بەهاتنە ناوەوەی کۆمەڵێك کەسی بەناوی ڕۆشنبیر بۆناو کاری ڕۆژنامەگەری و دەرکەوتنی ئەم کارە نەشیاوانە لەلایەن کۆمەڵێك گەنجەوە لەگەڵ ڕێزمدا بۆهەندێکیان، وەلەدوایشدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کچانیش کەم تەرخەمن لەهەمبەری ئەوکێشانەی ڕوبەڕویان دەبنەوە بۆیە ئێمە ناتوانین تەنها کوڕان لەهەڵگیرساندنی ئەم کێشەدا تاوانبار بکەین چونکە ئافرەتی کورد ئێستا زۆرتر لەجاران ئازادن بەڵام نازانم ئەبێ ئەو ئازادییە لەدەست نەدەن.